خاکی روسیاوە، دوای زیاتر لە (١٢) ساڵ بەسەر بەرزی دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان، ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە نەگێڕانەوەی ڕووداوەکە نیە بە مەبەستی گێڕانەوە، بەڵگو گێرانەوەی ڕووداوەکەیە بۆ سەیرکردنی ئەو ڕۆحەی بەرەو مردن دەڕوات، ئەو ئایدیایەی کوردبوو نمایشدەکات دیارە کورد کاتێك دەچێتەوە ناو خۆی و بە پێی ئەم ئایدیایە مامەڵە دەکات، هەمیشە هەڵوێستێك دەنوێنێ، کەچاوەڕواننەکراوە و وەك دژە باوێك خۆی نمایش دەکات. بە جۆرێك دەتوانین ڕەگەزەکانی ئەفسانەی تێدا بدۆزینەوە، هەر ئەم ترسەشە وای لە وڵاتانی دەرەوە وەك ئەمریکا و بەریتانیا کردوە کە هەتا ئێستا ترسێکی گەورەیان هەیە لە دەرکەوتنی کورد، چونکە ناتوانن پێشبینی ئەوە دەرکەوتنە بکەن، لەبەر ئەوەی کورد کە دەگاتە ئەو ئاستە بە پێی بنەما سیاسیەکان نێو دەوڵەتی و بەرژەوەندی پاراستنی خۆی مامەڵە ناکات، بەڵکو بە پێی ی ئەو ئایدیایە مامەڵە دەکات و ئایدیاکەش هەمیشە شتی چاوەڕواننەکراو تازە بەرهەم دەهێنێ، کە نامۆیە بە عەقڵی ئەمریکی و ئەوڕوپی و بەریتانی.

واتە مێژووی فەلسەفی مێژووی ڕۆحی گەلەکانە و دیارخستن و دۆزینەوەی ئەو ڕۆحە بزربووەیە لە مێژوودا ئەم جۆری یەکەمە لە مێژووی فەلسەفی مرۆیەکی ناکوردیش دەتوانێت ئەنجامی بدات بە مەرجێك عاشقی کورد بێت واتە هەر بیانیەك یاخود هەر لێکۆلەرێك لەهەر نەتەوەیەك بێت دەکرێت ئەم کارە بکات بەس بە مەرجێ عەشقی کوردببێت ، چونکە بێ بوونی ئەو عەشقە ئەو ڕۆحە خۆی دەشارێتەوە خۆی نیشانی لێکۆلەرەکە نادات، بەمەش ناچارە بیروڕای دژ بەکاربهێنێت و لە ناسینی کوردا ناتوانێت لە خاڵی مەبەست بدات.

| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ٣ـ توانستەکانی زمانی کوردی و بەکارهێنانی وشە | ٥٩ |
| **ئەدەب** | ٦١ |
| (مێژووی ئەدەبی کوردی) | ٦٣ |
| بەشەکانی ئەدەبی کوردی | ٦٥ |
| ١) ئەفسانە | ٦٥ |
| ٢) داستان | ٦٦ |
| ٣) گۆرانی | ٦٦ |
| ٤) پەندی پێشنیان و قسەی نەستەق | ٦٦ |
| ٥) گاڵتەوگەپ | ٦٧ |
| ٦) مەتەڵ | ٦٧ |
| سەرچاوەکانی بیری ئەدەبی کوردی | ٦٨ |
| ١ـ جەستە وەك سەرچاوەی بیری شیعری کوردی | ٦٩ |
| أـ لایەنی غەریزی جەستە وەك سەیرگە | ٧٠ |
| ب ـ لایەنی جوانناسی جەستە وەك سەیرگە | ٧٢ |
| ٢_ دەروون وەك سەرچاوەی بیری شیعری کوردی | ٧٣ |
| ٣_ عەقل وەك سەرچاوەی بیری شیعری کوردی | ٨٤ |
| ٤_ دڵ وەك سەرچاوەی بیری شیعری کوردی | ٩٩ |
| أ_ بیروڕاجیاوازەکان دەربارەی دڵ | ٩٩ |
| ب_ خۆنەویستن لەبەر یار ویستن | ١١٠ |
| سەرچاوەکان | ١١٧ |

